قوباد تاڵەبانی: یەکێتی ئامادەیە بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەتی هەرێم

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێم و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی رایگەیاند، یەکێتی ئامادەیە بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی هەرێم لەسەر بنەمای هاوبەشیی راستەقینە.

بەپێی راگەیەندراوێکی نوسینگەکەی، ئەمێ پێنجشەممە، قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەندرێ بیزێی، کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە هەرێم کێبوەوە و پێکەوە چەند پرسێکی جێی بایەخی هەردولایان تاوتوێ کرد.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، لەو کێبونەوەکەدا باس لە زیانەکانی لافاوەکەی چەمچەماڵ و ئیدارەی گەرمیان کرا. کونسوڵی گشتیی بەریتانیا هاوخەمی خۆی بۆ خانەوادە و کەسوکاری قوربانیان و زیانلێکەوتوانی لافاوەکە دەربڕی. جێگری سەرۆك وەزیرانیش ئاماژەی بەوەدا هەمو رۆشوێنێکی پێویست گیراوەتەبەر بۆ ئەوەی زیانلێکەوتوان بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و هەنگاوی پێویستیش دەگرنەبەر بۆ ڕێگریکردن لە دوبارەبونەوەی روداوی هاوشێوە لە

داهاتودا.

لە تەوەرەکیتریە کەبوونەوەکەدا، بەپێی راگەیەندراوەکە، باس لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوی هەرێم کرا. لەمبارەیەوەوە، قوباد تاڵەبانی جەختیکردەوە "یەکێتی ئامادەیە بە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان بە پێکهێنانی حکومەتێك لەسەر بنەمای پرەنسیپی هاوبەشیی راستەقینە کە بەبە جیاوازی خزمەتی هەمو کوردستان بکات".

سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوی عێراقیش، قوباد تاڵەبانی ئاماژەی بە سەردانەکەی چەند رۆژ لەمەوبەری وەفدی باڵای یەکێتی کرد بە بەغدا و رایگەیاند "لە سەردانەکەدا دید و بەرنامەی یەکێتیمان بە لایەنە عێراقییەکان رون کردوەتەوە و جەختمان کردوەتەوە لەسەر پێویستیی پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز کە بتوانێت کێشەکانی عێراق و لەناویشیاندا کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە لێکتێگەیشتن و بەپێی دەستور چارەسەر بکات."